ئا وا ژیاین!!

"هیوادارم ڕۆژێک سەرکەوتن بەدەست بهێنین".

-کابرای گوێبڕاویان ئەم بەیانیە لە مەیدانی ماستەکە کوشت. باوکم بە دایکمی گووت:

دایکم سەیری گوی باوکمی کرد و بەدوایدا سەیری گوێی هەموومانی کرد.

-چوار مەیتی کوڕی گەنجیان هێناوەتەوە، لە بەردەرکی سەرا فڕێیان داون، تا خەڵکی چاو ترسێن بکەن .

دایکتان بمرێت دیارە بەڕاکێشان هێناویانەتەوە بۆیە ڕانکوچۆخەکانیان لەگەڵ ئەندامی لەشیان شیتاڵ شیتاڵ بووە.

دایکم:

کتوپڕ ئەم رستەی گووت و لە قولپی گریانی دا.

باوکم، بە گریانەکەی دایکم گوێی نەدا، ئەڵێن:

-مفاوەزاتە، وەفدیان بۆ پایتەخت چووە.

-باوکە مزافەتی چییە؟

خوشکە هەرەلاوەکەمان، لە ژێر لێوێوە ئەو رستەیەی بە پچڕ پچڕ پچڕی بە دوای رستەکەی باوکمدا گووت.

باوکم بەدەنگێکی بەرز و لەگەلیدا چاوی لەهەمووومان زەقکردەوە،

گووتی:

منداڵەکان چەند کەرەت پێم گوتوون، لە گفتوگۆی لەخۆتان گەورەتردا هەڵمەدەنێ، مفاوەزات کاری منالان نییە.

هەموومان هێمنی باڵی بەسەردا کێشاین، کەسمان ورتەمان لەدەم نە هاتە دەرێ، هێمنییەکە چەند چرکەیەکی خایاند.

دایکم هەرچەندە گوێی لەهەرهەواڵێک دەبوو، سنگی لەعەرد دەسوو، دوای بە هەموو هێزی بە هەردوو دەست بەرانی خۆیدا ئەماڵی و دەستی بۆ ئاسمان برز ئەکردەوە، هاواری ئەکرد،

-خوایە بۆ خاتری خۆتو فەخری عالەمین ، ئەم ئاگرە لەماڵ ومناڵەکانم بەدوور خەیت، ئامین.

-ئافرەت گووتم مفاوەزاتە.

دایکم، بە گفتەکانی باوکم گوێی نەدا.

ساڵەکان تێپەر بوون، نەروو بەری ماڵمان، نە گفتوو گۆی ئێوارانمان ئە گۆرا.

یەك دووساڵ بوو سمێڵم بۆرکردبوو، تا ئەودەمە دووسێ جار لەسەر خۆتێهەڵ قوڵتان لەگفتوگۆی سیاسی گەورەکانی دەورووپشتمدا، شەقم نەخواردبوو، وەلێ خاس تەریق کرابوومەوە.

سەیرێکی باوکم کرد نەموێرا وشەیەک بدرکێنم.

ئامۆژگاری باش کرابووم:
لە ئاخافتنی خەڵکانی لەخۆم گەورەتردا ناماقوڵی نەکەم.

سوپاس بۆ پەروەردەدارم جار جار گوێرایەڵ بووم.

کاتێک گوێم لە دایکم ئەبوو دوعای ئاگرە سوورە بەدوورەی ئەکرد، ئەچوومە تەکێوە بە هێواشی بۆ ئەوەی عاجز نەبێت بەزەردەخەنەیەکی ساکاری ئەو کاتانەمەوە پێم ئەگووت:

-دایکە وەك وردە بۆرژوازی لە شۆڕش دەڕوانیت.

-ڕۆڵە ئاخر وەکی ئێوە خوێنەواریم نییە.

قەیرێك بێ دەنگ دەبوو، بەنیوە گریانێکەوە، دەستی بۆ سەربانی دەستە بەرەکەی ئەوبەرەوە درێژ ئەکرد، بەدەنگی بەرز ئەیگووت،

-شتێکتان لێبێت لەو سەربانەوە خۆم دەخەمە خوارێ.

ئەوەندە دەستی بۆ ئەو سەربانەی ئەوبەرەوە درێژ کردبوو، چەندەها خەوی کۆشماخاوی(ترسناک) پێوە بینی بووم. گەر رۆژێک بە باوک بووم و پارەم پەیداکرد، ئەوسەربانەی ئەوبەرەوە تەل بەنگ دەکەم، تا دایکم پاش مردنمان نە توانێ خۆی لێوەی فرێبداتە خوارێ.

دایکم درێژەی بە گفتەکانی ئەدا:

-دڵم بۆ ئەو گەنجانە ئەسووتێن، بەزەیم بە دایکیاندا دێتەوە، هەر دایکێ مناڵێکی لەدەست چوو ژیانی مەحاڵە، مردنی باشترە. مناڵە شیرینەکانم، ئێوە نایزانن، لەمەکتەب فێرتان ناکەن،

- جەرگ چەند شیرینە.

- -دایکە رۆژێکیان مامۆستا گووتی شیرینی زۆر مەخۆن بۆ دانتان خراپە.

خوشکێکی لە خۆم تەمەن کەمتر، ئەمەی گتوو، بێ دەنگ بوو.

دایکم وەکی زۆربەی دایکانی ئەو سەردەمە خوێندەواری چ نەبوو. بەکچێنی براکەی فێری نووسینی ناوی خۆی کردبوو. بەداخەوە !! لە بیری چووبۆوە. کاتێک داوام لێی ئەکرد ناوی خۆی بنوسێت، یەك دوو خەتی ڕاستو چەپی لێ ئەدا، پاشان ئەوەندە شەدەو زەمەی و ژێرو سەری بۆ دائەنا، لە قالۆنچەی

باڵدار نەبوایە لە چی تر نە ئەچوو، حەیف نموونەیەکم لێهەڵنەگرتن، ئەدی ئەورۆ یەکێ لە تابلۆ بچوکە خەتییە ناودارەکان ئەبوو.

نەم ئەوێرا پێبکەنم،

دایە:

-حەیف ئەمەندە حەزت لە خوێنەواری بوو، بۆ نەچوویتە قوتابخانە.

دایکم بە خاخەوە گووتی:

-ئەو دەمە قوتابخانەی کچان نەبوون، تەنها قوتابخانەیەکی پیاوان بە شەو هەبوو. بەڕۆژ حوجرە بۆ کوران هەبوون

- لە دڵێ خۆمدا ئەم گووت بۆیە کەیفی بە هەواڵەکانی بابم نایەت.

- ئەی خاڵم بۆ زۆرتر خۆی لە گەڵتا هیلاك نەکرد؟

-ئەو ژنی هێنا من هەروەها شووم کرد.

هەتا ئەم دواییانە کۆچی دوای کرد،

-کاتێک باسی کچێنی و عیشوەو ڕابواردنی لاوێتی خۆی دەکرد، بە شوکردن قفڵی ئەکرد، ئەوگووت بردویانە بۆ عەسکەری و شەڕی سەفەربەرلگ.

باوکم بە گوێرەی تێگەیشتنمی ئێستا، بەزمی نوێژکردنی ئێواران دوای کارکردنی خۆش بوو. هەموو ڕۆژێ زیاد لە نیو چارەکە کاتژمێرێ دوای نوێژی خەوتنان لەسەر بەرماڵەکەی ئەمایەوە،

دوعای ئەکرد .

دەستی بۆ ئاسمان بەرز ئەکردەوە، لە گەڵیا لە خودا ئەپارایەوە.

-خوایە لە شەڕو ئاژاوە !! خۆم و ماڵو مناڵم بپارێزی،

ئامین!!.

مناڵ بوین ئەودەمە، خێزانێکی زۆر بووین، نۆ منال وگەورە میرد منال بووین، گەورەکەمان تەمەنی لە شانزە ساڵ تیپەری نەکرد بوو .

باوکم ئێواران زۆری لێ ئەکردین کاتی دوعا خوێندنەکانی لە دوای خۆیەوە بڵێین ئامین، ئێمە برا وخوشك، دایك و باوک و بە نەنکمەوە دوانزە کەس لە ژوورێکی بچوکی دوازدە مەتری چوارگۆشەدا، هاوارمان ئەکرد

- ئامین.

شانس مان هەبوو، برمیچی ماڵەکەمان دارە ڕابوو چیمەنتۆ نەبوو ئەدی دەنگ دانەوەی نێوو خانووی چیمەنتۆ، کەڕی ئەکردین .

وابزانم ئەو دوعایانەی ئەو سەردەمە دەورێکی هەبوو لە مەقام و پایەی ئێستای گەلی کوردا. شوکر بۆ "خوا" کافرمان کەمە.

پەچە ولەچکی و شرە و پاتاڵی بێگانە مان زۆر کردووە.

-خوایە نەمانکەی بە پیاوی کەس، ئامین.

-دوازدە کەس بەجارێك بە دەنگی بەرز، ئامین!!

-خوایە رەزیلی دوژمنمان نەکەی، ئامین،

باوکم ئەی گووت قایمتر!! ئئئئامممین

-خوایە لە شەڕی شەیتان خۆم و ماڵ و مناڵەکانم بەدورمان خەیت.

ئامین، ئامین!!

-خوایە وەك پێغەمبەرت و موسوڵمانانت لەشەڕی بەدرو حونەین پاراست ئێمەش ئاوا بپارێزی،

ئامین، ئامین، ئامین!!

باوکم جارجارێك لەسەر بەرماڵەکەی ئاوری ئەدایەوە، بەچاوێکی بزەوە سەیری ئەکردین،

-گوێم لە هەندێکتان نیە بڵێن ئامین،

ئێمەش، هەموو بەیەك دەنگ نەنکیشمان لەگەڵماندا ئەمان قیڕان: ئامین.

هەموو بەیەک دەنگ،

-بەخوا ئامین بڕمان نەکردووە .

هەتا ئەو دواییانە بە تەواوی نەم ئەزانی ئامین واتای چییە؟ لەئەورووپا و لە فەڕەنسا لە ناو کەنیسەکانیاندا، قەشەکان دوعا ئەخوێنن، کۆتای بە گوتنی " ئامین " ئەهێنن. ڕۆژێکی لە کنیسەیەکدا لە قەشەیەک مانای (ئامین) پرسیم،

-کاتیک دوعا دەکەن دووای ئەهێنن بە ئامین مانای چی دەگەیێنێت؟،

وەڵامی دامەوە؛

بەگوێرەی ئینسایکلۆپیدیای لاروووس بۆی شیکردمەوە:
وشەیەی ئارامی، رەنگە سریانی بێت.

-واته"Ainsi soit-il", "TERMINANT UNE PRIERE" ، بەزمانی کوری مەنتیقەی خۆمان: دواپێهێنانی نوێژێك، یان مانای :

- " هەروەها باوابێت" ،

ئەو کات کەمێک لە "ئامینەکانی" کن خۆمان تێگەیشم.

---

پاریس ساڵی دوو هەزار نووسراوە

KHOSHNAW MERIWANY